FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



رێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر



## سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



## ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ





## وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

## کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

## لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

## شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

## واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

2024

# هیوا له سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤



# ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**
جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**
٤٨





**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

## پێڕست


سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧
کۆڵۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆڵۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەك گوان ........................................ ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥
ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

### لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و تووندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# لێکۆڵینەوەی

## پۆستکۆڵۆنیالیزم و ئەدەب

فازڵ مەحموود

لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالزم یەکێکە لە لێکۆڵینەوە نێوبوارییەکان[1] و گرنگیی بە لێکەوتەکانی کۆلۆنیالیزم لە سەر ناوچە داگیرکراوەکان و پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەدات. واتە لێکۆڵینەوەی کۆلۆنیالیستی لە بری گرنگیدان بە داگیرکاریی سەربازیی و سیاسی، جەخت لەسەر شەنوکەو و کاریگەریی دەسەڵاتی کەلتووریی و میدیایی دەسەڵاتی داگیرکەر لە سەر کەلتووری داگیرکراو دەکات.

مەبەست لەوە کایەیەکی نێوبوارییە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمجۆرە ڕوانین و لێکۆڵینەوەیە لەپێناو تیۆریزەکردن پەنا بۆ کۆمەڵێک تیۆری تر لە کایەی جیاوازتری وەک مارکسیسزم و فێمینیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەبات، خاڵی جیاوازیشی لە گەڵ ئەم کایانە ئەوەیە؛ کە لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیستی زیاتر جەخت لە سەر دەسەڵاتی کولتووری دەکاتەوە و واتا قووڵە مێژووییەکەی لەبەرچاو دەگرێت.

یەکێک لەو دەقانەی سەرچاوەی تیۆریی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانەیە، کتێبی ‹ڕۆژهەڵاتناسیی› ئیدوار سەعیدە؛ ئیدوارد سەعید دیسکۆرس یان گوتار بە فۆرمێکی زمانی دەسەڵات دەزانێت کە کەڵک لە دەسەڵات بۆ پەرەپێدانی نواندنەوەی خۆیان لە ڕۆژهەڵات وەردەگرن. لەو کتێبەیدا ئیدوارد سەعید بە لێکۆڵینەوە

1- interdisciplinaire

لە گوتەی لێکۆڵەران و گەڕیدەکان و سەفەرنامەکان ئەوە پیشان دەدات، کە چۆن ئەورووپییەکان لە قۆناغی پاش ڕۆشنگەری، سەرەتا ڕۆژهەڵات بە شێوازی نووسین داگیر دەکەن. گوتاری جیاکاریی (ڕۆژهەڵاتناسی) توانی ڕۆژهەڵات وەک ئەوی تریکی بەربەریی پیشان بدات. بۆ نموونە سەبارەت بە عەرەبەکان وا وێنایان کردوون کە کۆمەڵێک حوشترسواری تیرۆریستن و دژ بە شارستانیەتن... لێرەدا ڕۆژئاوا وەک چەق و ڕۆژهەڵات وەک پەراوێز وەک بابەتی لێکۆڵینەوە سەیر دەکرێت، یاخود بە تیما فۆکۆییەکەی ئەقڵانیەتیی ڕۆژئاوایی دەیەوێت دنیایەک لە دەرەوەی خۆی دەستنیشان بکات و هەرچی کەوتە دەرەوەی ئەم دونیایە، وەک شێت و دژەئەقڵ و دژەڕۆشنگەریی بیناسێنێت.

ئەوەی فرەتر لەم وتارەدا جەختی لێ دەکەینەوە پەیوەندیی ئەدەب و کاریگەریی لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزمە. لێکۆڵینەوە و ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالیزم پەیوەندییەکی قووڵ و ئاڵۆزیان وا لە نێواندا و بە شێوەی هاوبەرانبەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهانی پاش داگیرکاریی و کۆلۆنیالیزم درووست دەکەن. ئەدەبیش هاوشێوە و هاوشانی لێکۆڵینەوەی پۆست کۆلۆنیالیستی دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی ئەزموون و کێشمەکێش و بەرەنگاریی بەرانبەر لێکەوتەکانی کۆلۆنیالیزم. یەکێک لەو کارانەی دەشێت لەم بوارەدا ئەدەب وەک کەرەستەی خۆی پێی هەڵسێت،

تێکشکاندنی بنیادی گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵییە. بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە پۆستکۆلۆنیاڵییەکان زۆر جار وەک کەرەستەیەکی بەهێز بۆ تێکشکاندنی بنیادی گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵیی دەجووڵێنەوە، ئەم نووسەرانە کلێشە سەپێنراوەکان وەلا دەنێن و مێژوو و کەلتووری خۆیان لە ڕوانگەیەکی خۆجێی و تێڕوانینی ناوچەیی خۆیانەوە دادەڕێژنەوە.

یەکێک لە ناودارترین و باشترین ئەو ڕۆمانانەی دەکەوێتە ئەم خانەیەوە، ڕۆمانی «هەموو شتێک هەڵدەوەشێتەوە[2]»ی نووسەری نیجیریایی چینوا ئاچیبێیە[3]؛ ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیانی پاڵەوانەکەی سەرخێڵی ئیبگۆیە، جا بە گێڕانەوەی ژیانی ئەو خوێنەر بەر سیمای ڕاستەقینەی ئەفریقا و کاریگەریی ئەورووپییەکان لە سەری دەکەوێت؛ لەم ڕۆمانەدا نووسەر لە ڕێی گێڕانەوەی کەلتووری ئیگبۆ و ڕەشپێستەکان، گێڕانەوەیەک دژ بە گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵیی دەخاتە ڕوو. ئەو لێرەدا دەیەوێت بەرانبەر هەژموونی گێڕانەوەی ئەورووپییەکان بەدیلێکی تر بۆ ناساندنی ناسنامە و شێوازی ژیانی ئەفریقییە ڕەشپێستەکانی خێڵی ئیگبۆ بخاتە ڕوو. ئاچیبێ خۆی سەبارەت بە نووسینەکانی و ئەم ڕۆمانەی دەڵێت: «گەر نووسینەکانم تەنیا هەر ئەوە فێری خوێنەرەکانم بکات کە ڕابردوویان شەوێکی دوورودرێژ لە

2- Things fall Apart

3- Chinua Achebe

بەربەریەت نەبووە تاکوو ئەوروپییەکان لەلایەن خواوە هاتبن و ئەوانیان لەم شەوە ڕزگار کردبێت، ئاسوودە دەبم». لێرەدا ئەوەی ئاچیبێ دەیکات ئاوەژووکردنەوەی گێڕانەوەی ئەورووپییەکانە، ئەویش دانانی ئەوان لە شوێنی ئەوی تردا و دانانی خەڵکی خۆجێی وەک چەق و گێڕانەوەی مێژوو و ناسنامە و کەلتوور لە ڕوانگەی خۆیانەوەیە. لێرەدا جۆرێک لە لەکۆلۆنیالیزمخستن دەبینرێت ، واتە ئەو هەژموونەی لە ڕێی زمان و کەلتوور لە خوێندنگە و فێرگەکان بەسەر منالاندا دەسپێندرا و وا پیشان دەدرا کلتووری ڕۆژئاوا و زمانەکەی  لە بەهایەکی بالاوە هەڵدەقووڵێت و گەرەکە مرۆڤ لە بەرانبەردا ملکەچی هەژموونە داگیرکارییەکانیشیان بێت، هەڵدەوشێتەوە؛ ئەم بەرهەمە گەرچی خۆی بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە، بەڵام پیشانی دەدات کە بەهابەخشین و لەسەرترزانینی زمان و کەلتووری ئەورووپیی وەک زمان و کەلتوورێکی بالا، گونجاوترین شێواز بۆ بەردەوامیی و هەژموونی دەسەڵاتی داگیرکەرە لە زەینی مرۆڤەکاندا. واتە ئەگەرچی دەسەڵاتە سەربازیی و سیاسییەکە نەماوە، بەڵام کۆلۆنیالیزمی کەلتووریی بە گوژمێکی تر و بە دەساوێژی داگیرکردنی زەینیی کەسەکان درێژە بە بوون و ژیانی خۆی دەدات. گەر دوور نەڕۆین کوردستانی خۆمانیش کە داگیرکراوی دەستی ئینگلیز بووە، تا ئێستاش ئەم لێکەوتانەی لێ بەدی دەکرێت. تەنانەت پێش ئەوەش زمانی ئینگلیزیی وەک

زمانی تەکنەلۆژیا و بازرگانی شوێن بە زمانە ئەورووپییەکانی تر لێژ بکات، خواست بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیی لە کوردستان وەک زمانی کەلتوورێکی باڵادەست سەیر دەکرا و سەیر دەکرێت. بەداخەوە تەنانەت ئەمجۆرە لە تێڕوانین کە بەرهەمی کۆلۆنیاڵیزمی بریتانییە، لە ساڵانی ڕابردوودا کاریگەریی لە سەر حکومەت و وەزارەتی پەروەردەی ئەم وڵاتە کرد کە پەیڕەوی خوێندنی ئەم وڵاتە بکەن بە ئینگلیزی. بێ بیرکردنەوە لەوەی ئەم شتە چەند دەتوانێت ناسنامەی تاکی کورد تێکبشکێنێت و تا ئەبەد گرێی خۆبەکەمزانین و بێمتمانەیی تێدا دروست بکات. لێرەوە دەمەوێت بچمە نێو یەکێک لە چەمکەکانی ئەم ئەدەبە، ئەویش دروستبوونی جووتکەلتوورییە[4] وەک دیوی تێکشاندنی ناسنامە و لێکەوتەی تری کۆلۆنیاڵیزم.

ئەم چەمکە یەکێکە لە بنچینەییترین چەمکەکانی تیۆریسیەنی هیندیی هومی بهابها. بە بۆچوونی ئەو جووتکەلتووریی پرۆسەیەکە کە تێیدا ڕەگەزی کەلتوور و ناسنامە و لە ژێر بەرکەوتنە مێژوویی و سیاسییەکاندا تێکەڵ بە یەک دەبن تا جۆرە نوێیەکانی کەلتوور و ناسنامە ڕەنگڕێژ بکەن. لێرەدا ئەو ناسنامەیەی بەرهەم دێت، ناسنامەیەکی سادە و پێشبینیکراو نییە، بەڵکوو ناسنامەیەکی سەرومڕ نوێ و پێشبینینەکراوە. یەکێک لەو

4- Hybridite culturelle

ڕۆمانانـەی بـە شـێوەی ڕیالیزمـی جادوویـی ئـەم جـۆرە شوناسـە نوێیـە جووتکولتوورییـە دەنوێنێتـەوە، ڕۆمانی «منداڵانی نیوەشـەو»ـی سـەلمان ڕوشـدییە. ئـەم ڕۆمانـە لـە شـەوی لەدایکبوونـی سـەلیم سـینای شاکەسـی ئـەم ڕۆمانـە، واتـە سـاڵی ١٩٤٧ و سـەربەخۆیی هیندسـتان و ڕزگاربوونـی ئـەو وڵاتـە لـە داگیرکاریـی ئینگلیـز دەسـت پـێ دەکات. وەک وتمـان ئـەم ڕۆمانـە بـۆ پیشـاندانی سـەربەخۆیی هیندسـتان و ئینجا دەسـتپێکی کارەسـاتێکی قووڵتـر سـوود لـە ژانـری ڕیالیزمـی جادوویـی وەردەگرێـت. لێـرەدا هیندسـتان کایۆسـێکی سـەیر ئەزمـوون دەکات، ئەویـش سـەرلەنوێ پێناسـەکردنەوەی ناسـنامەی خۆیەتـی بەرانبـەر تێکەڵبوونـی لەگـەڵ ئـەو کەلتـوورەی کۆلۆنیاڵیـزم وەک میـرات بـۆی بەجـێ هشـتووە. لێـرەدا سـەلیم دەرخـەری ئاڵـۆزی ناسـنامەی پۆسـتکۆلۆنیاڵیزمە. جا پیشـانی دەدات کـە جووتکلەلتووریـی نـەک تەنیـا کەسـەکان بەڵکـوو کۆمەڵگاکانیـش پێـک دەهێنێـت. بـەو واتایـەی لێـرەدا شـوێنێکی سـێیەم درووسـت دەبێـت و لەوێـدا ترادسـیۆنە و گێڕانـەوە مێژوویـی و کاریگەرییەکانـی کۆلۆنیاڵیـزم بـەر یـەک دەکـەون و سـنوورە کەلتووریـی و نەتەوەییـەکان دەخەنـە ژێـر پرسـیارەوە. ژانـری ڕیالیزمـی خەیاڵیـش باشـترین ژانـرە تـا لێیـەوە لـە ڕێـی تێکەڵکردنـی مێـژوو و خەیـاڵ و فەنتازیـا ئـەو فـەزا و شـوێنە سـێیەمە و دروسـتبوونی کارەکتـەر و ناسـنامە نـوێ کـە بەرهەمـی کۆلۆنیاڵیزمـە، پیشـان بـدات.

گرنگیی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالیزم لەوەدایە کاریگەریی کۆلۆنیالیزم و لێکەوتە کاولکارەکانی لەو ڕوانگانەوە پیشان دەدات کە زۆرجار لەبەرچاو ناگیرێت. سا جارێکی پرسی ناسنامە و کەلتوور و نەتەوە زیندوو دەکاتەوە و یارمەتیی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ناسنامەی مرۆڤی پاش داگیرکاریی دەدات.

## سەرچاوە:


- Dominque Combe , etudes postcoloniaale et genres litteraire, article en pdf.

- Ousmane sembena, la literature postcoloniale en Afrique, ed, presence Africaine.


***

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

**لەم شوێنانە بەردەستە**

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار).
**پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز).
**دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com